
وەزیری بازرگانی : چاودێری توند بەسەر بازاڕەکانەوە هەیە و ڕێگری لە بەرزبوونەوەی نرخەکان دەکرێت



ئەسیر غرێری وەزیری بازرگانی ڕایگەیاند بەشخەراکی پێویستی چەند مانگی داهاتوو لە کێگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە و لێگەڵ وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی هەیە بۆ دابەشکردنی بەشخەراك، دەنیایشیدا کە نرخی خەراك لە بازاڕە ناوخێیەکان بەرزنابنەوە.

ئەسیر غرێری وەزیری بازرگانی لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەنووسیدا کە لێگەڵ کەمال موسلیم وەزیری بازرگانی هەرێمی کوردستان ئەنجامیدا، ڕایگەیاند، چاودێری توند بەسەر بازاڕەکانەوە هەیە و ڕێگری لە بەرزبوونەوەی نرخەکان دەکرێت و سزای تووندی ئەو کەسانە دەدرێت کە یاری بە نرخەکان دەکەن.

غرێری وتیشی چاودێری توند بەسەر بازاڕەکانەوە هەیە و ڕێگری لە بەرزبوونەوەی نرخەکان دەکرێت و سزای تووندی ئەو کەسانە دەدرێت کە یاری بە نرخەکان دەکەن.

هەروەها وەزیری بازرگانی وتیشی : کوالێتی هەموو ماددەکانی بەشخەراک لە باشترین جۆرەکانن و هیچ کەمیی کوالێتی و کەموکوڕییەک قبوڵنەکراوە و لە هەموو پارێزگاکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هەمان ماددەکان دابەشدەکرێن.

لای خێیەوە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمال موسلیم وتی: بەدواداچونیان بۆ گرانبونی نرخی گشت کردوە و هەمو ڕەکارێك دیگرنەبەر بۆ کۆنتڕۆڵکردنی نرخی گشت، وەزیری

بازرگانی عێراقیش دۆخەکە، بەرزبونەوەی نرخی گۆشت جیهانییە.

وەزیری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم رایگەیاند، لێگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق هەماهەنگی تەواویان هەیە.

وتیشی، بە نوسراوی فەرمی ئەنجومەنی وەزیرانیان ئاگادارکردوەتەوە لە گرانبونی نرخی گۆشت لە بازاڕەکاندا، هەمو ئەو ڕێکارانەش خراونەتەڕو کە پێویست بگیرێنەبەر بۆ دابەزاندنی نرخی گۆشت، بەڵام تا ئێستا ئەنجومەنی وەزیران وەڵامی ئەو نوسراوەی نەداوەتەوە.